# دوارۆژەکانی بابلۆ
# پێوانەی نوێ لە نمایشی شانۆیی هەولێردا

**موحسین محەمەد**

نمایشی شانۆیی لە شاری هەولێر، لە سەد و یەک ساڵەی تەمەنیدا هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە، هۆکارەکانیش بەگشتی پێوەندییان بەقۆناغە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکانی شارەکەوە هەبووە، ماوەی چارەگە سەدەیەکە شانۆی ئەکادیمی پیشەیی هونەری و شانۆی پیشەیی هونەری، لەسەر هەردوو ئاستی هونەری و ڕێژەی بینەرانی، سستی و گەڕانەوەی زۆری بەخۆوە بینیوە، ئەمساڵ بە هۆی نمایشی شانۆگەریی (دوارۆژەکانی بابلۆ) کە دەچێتە خانەی گواستنەوەی شانۆیی لە شاری سلێمانییەوە بۆ هەولێری پایتەخت، پێوانەی نوێ لە نمایشی شانۆیی شارەکەدا تۆمارکرا. شانۆگەریی دوارۆژەکانی بابلۆ، تێکەڵەیەک بوو لە شانۆی واقیعی، دەربڕینی، داستانی، دەروونی لە جەستەیەکی کۆمێدیدا، لەماوەی سەد خولەکی نمایشدا، ئەو ڕۆژەی کە من بینیم، ڕۆژی شەشەم بوو، تا دوارۆژەکانی نمایش، کە ماوەی سی و پێنج نمایشی لە سی و پێنج ڕۆژدا خایاند، چەند خاڵێکی نوێی لە پێشاندانی شانۆیی لە هەولێر تۆمارکرد.

**یەکەم:** ئەوەی کە هەمیشە گلەیی لە هۆڵی میدیا دەکرا، گۆیە هۆڵەکە بەکەڵکی نمایش نایەت، دەنگدانەوە (سەدا)ی هەیە، ئەوە ڕاست دەرنەچوو. ساڵی ١٩٨٩ شانۆگەریی (هاوارێک لە حاجی قادری کۆیی)ـەوە نووسینی زایەر عەبدوڵڵا و دەرهێنانی سەعدوون یوونس ئەو تێبینییەی ڕەت کردەوە. شانۆگەریی دوارۆژەکانی بابلۆ لە سی و پێنج ڕۆژی نمایشدا، بۆ هونەرمەندانی شانۆی ئەم سەردەمەی سەلماند، هۆڵی میدیا لە هەولێر، شاهۆڵی شانۆکانی کوردستانە.

**دووەم:** لە هەشتاکانی سەدەی ڕابوردوو نرخی بلیت: یەک دینار، کە دەیکردە سێ دۆلاری ئەمریکی و نیو دینار کە دەیکردە دۆلارێک و پەنجا سەنت بووە. لەدوای ڕاپەڕین ١٩٩١ بەهۆی کاریگەرییەکانی داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت، عێراق کەوتە ژێر ئابڵوقەی ئابووری نێودەوڵەتی، حکوومەتی عێراقیش ئیداراتی لە کوردستان کشاندەوە و ئابڵوقەی خستە سەر کوردستان، بەم جۆرە کوردستان کەوتە

ژێر کاریگەری دوو ئابڵوقەی ئابووری. نرخی دراوی عێراقی هەموو بەهاکانی خۆی لەدەست دا. هەرێمی کوردستان لەدوای دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە فەرمی پارەی کۆنی عێراقی ناسراو بە چاپی سویسری بەکاردەهێنا، پێچەوانەی عێراق، کە بەردەوام چاپی نوێی دراوی بۆ بەهای بەکاردەهێنا. نرخی دراو زۆر دابەزی، یەک دۆلاری ئەمریکی گەیشتە پەنجا دیناری چاپی سویسری، دوایی بەهۆی بەرزبوونەوەی گەشەی ئابووری ناوخۆ، دراوی چاپی سویسری بەهای پەیدا کرد، دۆلارێک گەڕایەوە بۆ هەژدە دینار. لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢ - تاوەکوو ڕووخانی سەدام لە ٢٠٠٣، نرخی بلیتی شانۆی پیشەیی هونەریی گەیشتە پێنج دینار، کە یەک دۆلار هەژدە دینار بوو. ئەو پێنج دینارە یەکسان بوو بە ٥,٥ سەنت. لەدوای ڕووخانی سەدام دراوی عێراقی گۆڕا، نرخی بلیت لە ڕووخانی سەدامەوە ٢٠٠٣ تاوەکوو نمایشی بابلۆ پێنج هەزار دینار بووە، ئەویش دوو بەهای هەبوو، قۆناغی یەکەم دۆلارێک بەرانبەر بە ١,٢٠٠ دینار بوو، ئێستاش کاتی نمایشی بابلۆ بوو بە ١,٤٦٠ دینار. لەماوەی ١٩٩٨- ٢٠٢٢ لە هەولێر بەرهەمە شانۆییەکانی شارەکە تەنیا سێ شانۆگەریی بە بلیت بووە، نرخی پێنج هەزار دینار بووە کە دەکاتە ٣,٥٠ دۆلار. لە پێوانە نوێیەکەدا، نرخی بلیتی شانۆگەریی بابلۆ هەشت هەزار دینار بوو کە دەکاتە نزیک لە ٥,٥٠ دۆلار.

**سێیەم:** ژمارەی ڕۆژانی نمایش بەر لە ڕاپەڕین ١٩٩١ هیچ شانۆگەرییەک لە هەولێر نەگەیشتووەتە بیست ڕۆژی نمایش. لە دوای ڕاپەڕین تا ساڵی ٢٠٠٣، ڕووخانی سەدام، هیچ




شانۆگەرییەکی هونەری، یان وەک دەڵێن: (جاد) دە ڕۆژ نمایش نەکراوە، بەڵام چەند شانۆگەرییەکی کۆمێدی بازرگانی لە هەولێر وەک: (چەنەباز)، (کێ ژنم لۆ دێنی)، ( عەلۆکە گوللەی بابت پەڕۆکە)، (حوکمی قەرەقۆش) ماوەی نمایش نزیکی دوو مانگ بووە، هەندێک دەڵێن سێ مانگ بووە، نرخی بلیت پێنج دینار بووە. لە ماوەی بیست و چوار ساڵی ڕابوردوودا هیچ شانۆگەرییەک وەک شانۆگەریی (دواڕۆژەکانی بابلۆ) نەیتوانیوە سی و پێنج ڕۆژ لە هۆڵی میدیا، یان لە هۆڵەکانی دیکە نمایش بکات، بەڵکوو هیچ شانۆگەرییەک دە ڕۆژیش نمایش نەکراوە.

**چوارەم:** لە ماوەی ئەو بیست و چوار ساڵەدا، هیچ شانۆگەرییەک لە هەولێر ماوەی پێشاندانی نەگەیشتووەتە سەد خولەک و بینەران بە بلیت سەیری شانۆگەرییەکە بکەن، جگە لە

شانۆگەرییەکانی کامەران ڕەووف، کە ئەویش گواستنەوەی شانۆیی بووە، ڕۆژانی نمایشی نەگەیشتووەتە دە ڕۆژ لە هەولێر. شانۆگەریی کابرا سەیرەکەی د. ڕاجی کە ماوەکەی سەد و بیست خولەک بوو، بەڵام بۆ چەند ڕۆژێک بە خۆڕایی لە هەولێر نمایش کرا.

**پێنجەم:** لەماوەی پتر لە سی ساڵی نمایشی شانۆیی هەولێر، هیچ شانۆگەرییەک نەبووە سێ جار پشوو، یان پچڕانی تێدابێ بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ، دووبارە بینەران بە بلیت بێنەوە بۆ بینینی شانۆگەرییەکە.

**شەشەم:** گرنگترین خاڵی پێوانەکە دواڕۆژی نمایشی شانۆگەریی بابلۆیە کە هۆڵی میدیا تەواو پڕبوو لە بینەران، بە هەردوو چینی سەرەوە و خوارەوەی، ڕەنگە ئەم خاڵە لە عێراقیشدا دەگمەن بێ، چونکە نمایشی شانۆیی کە دەوەستێ، بەگشتی ئاستی بینەرانی بۆ ڕێژەیەکی زۆر نزم دادەبەزێ، بەپێچەوانەوە لە نمایشی بابلۆدا، لە لووتکەدا شانۆگەرییەکە کۆتایی بە نمایشەکانی هەولێر هێنا و چووە شاری کەرکووک.

**حەوتەم:** ڕێژەی بینەران لەشانۆگەریی بابلۆدا پێوانەی نوێی وەک نمایشێکی هونەری، نەک بازرگانی تۆمارکرد. هۆڵی میدیا لە دوو چین پێک دێ، چینی خوارەوەی پێنج سەد و حەفتا و پێنج کورسییە، چینی سەرەوەی دوو سەد کورسییە. سەرچاوەیەک دەڵێ: لە سی و پێنج ڕۆژی نمایشدا، پازدە هەزار و سێ سەد بلیت فرۆشراوە کە ڕۆژانە دەکاتە ٤٣٧ بینەر. بێگومان ئەو ژمارەیە بۆ ڕێژەی بینەرانی شانۆگەرییەکە کەمە، چونکە ڕۆژانە ژمارەیەک بانگهێشت دەکران، واتە بلیتیان نەدەبڕی، بۆیە ئەو ژمارەیە دیار نییە، کەواتە ناتوانین بە



وردی ڕێژەی بینەران دیاری بکەین، ئەگەر بە مەزەندە ٦٣ کەس بێ، کەواتە ڕۆژانە ٥٠٠ کەس شانۆگەرییەکەی بینیوە، ئەوجا لەبەرئەوەی هەندێ ڕۆژ، بەتایبەتی ڕۆژانی سەرەتای نمایش، هۆڵەکە پڕ نەدەبوو، ڕۆژانی دواتر هۆڵەکە پڕدەبوو. دەکرێ ڕێژەکە بە ١٧,٥٠٠ بینەر بخەمڵێنرێ، بەکورتییەکەی، دەتوانین پێوانە نوێیەکانی شانۆگەریی دوا ڕۆژەکانی بابلۆ ئاوێزانی دەق و دەرهێنانی شوان کەریم، بەرهەمهێنانی سۆران عوسمان، بەم شێوە کورت بکەینەوە:

١- یەکەم شانۆگەریی هونەرییە کە ٣٥ نمایش لەماوەی چل و سێ ڕۆژدا بەردەوام بووە و ١٧,٥٠٠ بینەری هەبووە.

٢- یەکەم شانۆگەرییە کە لەهۆڵی میدیا سی و پێنج نمایشی کردووە.

٣- یەکەم شانۆگەرییە کە نرخی بلیتەکەی هەشت هەزار دینار بووە.

٤- یەکەم شانۆگەرییە لە دواڕۆژەکانی نمایشدا، چینی سەرەوە و خوارەوەی هۆڵی میدیا پڕ دەبوو لە بینەران، واتە شانۆگەرییەکە لە لووتکەی زۆریی بینەران وەستاوە. لەم پێوانە نوێیانەدا، ئەم پرسیارە خۆی بەسەر هونەرمەندانی شانۆی هەولێردا دەسەپێنێ: ئایا هونەرمەندانی شانۆی

هەولێر دەتوانن ئەو پێوانە نوێیانە بشکێنن؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بێگومان پێویستیمان بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی هەیە کە لە ڕەوشی بەرهەمهێنانی شانۆیی و ئاستی هونەرمەندانی شارەکە بکۆڵێتەوە، بەدیدی من بەر لەو لێکۆڵینەوە زانستییە، دەتوانین هەندێ هۆکاری نەمانی شانۆی ئەکادیمی پیشەیی و شانۆی پیشەیی هونەریی لە هەولێر بەدیاربخەین کە دەبنە هۆکار بۆ شکاندنی پێوانەکان. بەپێی نمایشەکانی شانۆی بازرگانی لە هەولێر، بەڵێ ئەو شێوازە شانۆیە دەتوانێ پێوانەکانی بابلۆ تێک بشکێنێ، بەڵام کەی؟ کێ؟ ئەوە پێویستی بە کاتە.

بۆ شانۆی ئەکادیمی پیشەیی و شانۆی پیشەیی هونەری (جاد) بەو کوالیتییە هونەرییە تا چارەگە سەدەیەکی دیکە ناتوانرێ ئەو پێوانە نوێیانە بشکێنرێ. ئەدی هۆکارەکان چین؟ بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا بۆ چالاکییە شانۆییەکانی ئەو هونەرمەندانەی کە لە ماوەی ئەو چارەگە سەدەیەدا لە هەولێر کاریان کردووە، وەڵامەکە زۆر ئاسانە.

**یەکەم:** بەگشتی هەموو شانۆگەرییەکان ماوەی پێشاندنیان تەنیا سێ ڕۆژ بووە، بەدەگمەن گەیشتووەتە پێنج ڕۆژ، یان شەش ڕۆژ.

**دووەم:** هەموو شانۆگەرییەکان بەخۆڕایی نمایش کراون، تەنیا شانۆگەرییەکی کاروخ ئیبراهیم حەکیم نەبێ، کە ئەویش سەرکەوتوو نەبوو، دواجار ڕایگەیاند ئیدی لە شانۆدا کارناکات، ئەوەبوو پەنای بردە بەر بەرهەمهێنانی درامای تیڤی.

**سێیەم:** بەشی هەرە زۆری شانۆگەرییەکان بودجەیان وەک بەرهەمهێنانی شانۆیی لە حکوومەت وەرگرتووە، کەچی لە نمایشدا بەخۆڕایی بووە!



لەبەرئەوەی بینەریان نەبووە.

**چوارەم:** کێبڕکێ لە نێوان دەرهێنەرانی شانۆیی لە هەولێر نەبووە، لەسەر زیادکردنی ڕۆژانی نمایش و زۆرکردنی ڕێژەی بینەران.

**پێنجەم:** بەگشتی ماوەی پێشاندانی شانۆییەکان ٣٠ - ٥٠ خولەک بوو، بەدەگمەن شانۆگەریی هەبووە ٦٠- ٧٥ خولەک بێ.

کە لەم پێنج هۆکارە گرنگە وردەبینەوە، هۆکارە سەرەکییەکانمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

**یەکەم:** تێنەگەیشتنی هونەرمەندانی شانۆ لە وەزیفەی شانۆیی، ئەم خاڵە بە پلەی یەک دەکەوێتە ئەستۆی دەرهێنەرانی شانۆیی، دەرهێنەر ئەگەر لە وەزیفەی شانۆ تێنەگات و بینەری بەلاوە گرنگ نەبێ، ئەدی بۆچی کاری شانۆیی دەکات؟! بەرهەمی شانۆیی خۆ کتێب نییە بە پێی کات خوێنەر پەیدابکات. کاری شانۆیی لە قوتوودا هەڵناگیرێ، ئەو بەرهەمەی ئەمڕۆ بینەری نەبێ، بۆ سبەی بەکارێکی مردوو دادەنرێ.

**دووەم:** بەهرە لە هونەردا زۆر گرنگە، ئەگەر کەسێک بەهرەی نەبێ، ناتوانێ بینەر ناچار بکات بلیتی شانۆیی ببڕێ. حەز شتێکە، بەهرەی شانۆیی شتێکی دیکەیە، لە هونەری شانۆدا چەندان جۆر بەهرەمان هەیە، هەمانە،

بەهـرەی هەیـە لەنوانـدن، هەیـە تەنیـا بەهـرەی لـە دەرهێنـان هەیـە، هەمانـە بەهـرەی لەنووسـیندا هەیـە، هەروەهـا بوارەکانـی دیکـەی شـانۆ وەک: دیکـۆر، ڕووناکـی، دیزاینی جلوبەرگ و ئارایشت.... ئـەوەی زۆر گرنگـە لـە کردەی شـانۆییدا دەرهێنەر و ئەکتـەر و نووسـەرە، ئەگـەر ئـەو سـێیە هاوسـەنگی تێدا نەبـوو، بینـەر ناچـار نییـە دەسـت بـۆ باخەڵـی ببـات و بلیـت ببـڕێ. هەمـوو بەهرەکانیـش بـە گشـتی یـەک ئامانجیـان هەیـە ئەویـش ئەفراندنـی چێـژی شـانۆییە بـۆ پەلکێشـکردنی بینـەران بـۆ نـاو هـۆڵـی شـانۆ.

**سـێیەم:** بەرهەمهێنـان خاڵێکـی زۆر گرنگـە لـە کـردەی شـانۆییدا، ئـەم خاڵـە لـە پەیمانگـە و کۆلێـژ دەخوێنـرێ، بـە گەڕانـەوە بـۆ ڕەوشـی بەرهەمهێنانـی شـانۆیی لـە هەولێـر، تێدەگەیـن کـە ئـەو پرۆگرامـە لەخوێنـدن بایەخـی پـێ نـەدراوە، بۆیـە دەرهێنـەرەکان بەلایانـەوە گرنـگ نەبـووە بەشـێک لـە بودجەکـە بگەڕێننـەوە بـۆ ڕاگرتنـی هاوسـەنگی بەرهەمهێنانـی هونـەری لـە شـارەکە. هـەر بـۆ نموونـە: ئەگـەر بگەڕێینـەوە بـۆ سـێ دەرهێنـەر کـە زۆرتریـن کاریـان کردبـێ، دەبینیـن بـە سـەدان ملیـۆن دیناریـان وەرگرتـووە، کەچـی نەیانتوانیـوە لـە یـەک بەرهەمـدا ٤٠٪ی ئـەو پارەیـەی وەریانگرتـووە بگەڕێننـەوە. لەمەشـدا مێـژوو حوکمـی خـۆی دەدا کـە چـۆن داهاتـی گشـتی بەفیـڕۆدراوە؟ بەراوردکردنـی بەرهەمهێنانـی ڕۆشـنبیری لـە گـەڵ سـێکتەرەکانی دیکـە وەک پاسـاو، کارەسـاتێکی کولتـووری زۆر گەورەیـە.

**چوارەم:** ساڵانە پەیمانگـەی هونـەرە جوانـەکان و کۆلێـژی هونـەر بڕوانامـەی شـانۆی پیشـەیی ئەکادیمـی بـە دەیـان کـەس دەبەخشـێ، کەچـی ڕەوشـی بەرهەمهێنانـی شـانۆیی سـاڵ بـە سـاڵ بـەرەو وێرانـی دەڕوا. ئێسـتا نزیکـەی دوو سـەد کەسـمان هەیـە بڕوانامـەی دەرهێنانـی شـانۆیان هەیـە، کەچـی یـەک کەسـیان نەگەیشـتووەتە ئاسـتی دەرهێنـەری شـانۆی پیشـەیی هونـەری، ئەوجـا لێکۆڵینـەوە زانسـتییەکە لەهەمـوو ئـەو کەسـانە دەکۆڵێتـەوە کـە بڕوانامـەی شـانۆیان هەیـە و ئەوانـەی کـە خۆڕسـکن و لەشـانۆدا کاردەکـەن. ئـەو لێکۆڵینەوەیـە وەڵامـی چەنـدان پرسـیار دەداتـەوە کـە بـۆ نەوەکانـی ئاییندە زۆر پێویسـتە. ئەوجـا بـۆ پرسـیارەکەمان دەگەڕێینـەوە، ئایا پێوانـە نوێیەکانی بابلـۆ هانی هونەرمەنـدان دەدات بچنـە نـاو کێبڕکێـی شـکاندنی پێوانەکانـەوە؟